گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper23

ڕێـکەوتی وەرگرتـن: ٢٠٢٣/٠٤/٠٢
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٦/٠٣
ڕێکەوتی بڵاو کردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# تیۆرەکانی شیکردنەوەی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا

## خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی

**پەروین أبوبکر محمد[1] - بۆکان تۆفیق ڕەزا[2]**

[1+2]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Parwin.muhammad@univsul.edu.iq bokan.radha@univsul.edu.iq

**پوختە**

خێزان وەک سـیسـتمێکی بچوک کاریگەر لەسـەر کۆیی بونیادی کۆمەڵایەتی، بەردەوام جێگەی وروژاندنی پرس بوە لای توێژەرەکـان، لێرەدا پرسـی نـامۆبون لەنێو خێزانـدا دەخەینەڕو، بە هۆکـاری زۆربونی نەگونجان لەنێوان هاوسـەران، کێشـە خێزانییەکان و زیادبونی ڕێژەی جیابونەوە. خێزان وەک دامەزراوەک چەند پەیوەندییەک لەخۆدەگرێت، پەیوەندی هاوسـەری پێکهێنەری پەیوەندییە خێزانییەکانە، دواتر پەیوەندی ئەندامانی خێزان و دواتر پەیوەندی خێزانی لێکدراو، چۆنیەتی بونیادی و کارلێکی نێوان ئەندامەکانی ئەم پەیوەندییە بەپێی سەردەم، کۆمەڵگە، کلتور، نەریت، ئایین و ئاستە جیاوازەکان لەڕوی (پیشـە، پێگە، تەمەن، ئاسـتی خویندن) دەگۆڕێت. ئەم پەیوەندییە چەندین پرس و واقیعی دیارو نادیار لەخۆدەگرێت، کاتێک لە دونیای ئەمڕۆدا بونیاد و ڕۆڵ و ئەرکەکان لە خێزاندا گۆڕانی بەردەوام و بنەڕتی بەسـەر دێت، لەژیانی ڕۆژانەدا ڕوبەڕوی ململانێ و هەڵبژادرن و بڕیـاردان دەبنەوە، ئەمـانە ڕەنگدانەوەیـان لەسـەر جۆری پەیوەندی خێزانی دەبێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان هۆکارن بۆ سـەرهەڵدانی ڕەوشـی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا.

**کلیلە وشەکان:** نامۆبون، نامۆبونی کۆمەڵایەتی، خێزان.

## پێشەکی

مرۆڤ بە بونەوەرێکی ئاڵۆز دەژمێردرێت لە پێکهاتە، ڕەفتار و پاڵنەرە جەستەیی و ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان، هەریەک لەم ڕەهەندانە کاریگەری لەسەر تاک بەجێدەهێڵێت، کاتێکیش تاک دەچێتە ناو ژینگە کۆمەڵایەتییەوە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندییەکان، یەکێک لەو پەیوەندییانە، پەیوەندی هاوسەرییە، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەر لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی هاوسەر و پێودانگەکانی ئەو دەستنیشانکردنە، ڕێکارە یاسایی و داب ونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکارە ئایینییەکان، تا چونە ناو ژیانی هاوبەشەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بونیادی پەیوەندییە خێزانییەکان، خێزان بچوکترین یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگەیە، دامەزراوەیەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە، تاک ئامادەدەکات بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی ناو ژینگەی خێزان و دەرەوەی خێزان، لە هەمان کاتدا بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و ئاکاری گەورەی هەیە. ئەم دامەزراوەیە کارتێکراوە بە دامەزراوە و گۆڕاوەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا، وەک چۆن تاک ئەندامە لەم دامەزراوەیەدا، بە هەمان شێوە و لە هەمان کاتدا ئەندامە لە چەند دامەزراوەیەکی دیکەدا، ڕۆڵ و پێگە و ئاستی پەیوەنییەکانیان جیاوازە لە ناو تۆڕی پەیوەندییەکان، بەهۆی ڕەنگدانەوەی ڕۆڵ و ئەرکەکانیان لە دامەزراوەکاندا، کارلێکی بەردەوام و ڕوبەڕو دیتە کایەوە، ئەمەش هەڵبژاردن و بیرکردنەوەی تاک لە زۆرترین سود، ململانێ بۆ ئەو ویستەی لە هزریدایە دێنێتە کایەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی یاخود زەمینەسازی بۆ نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا. نامۆبونی کۆمەڵایەتی پرسێکی قوڵ و فرەڕەهەندە، خوێندنەوەی جۆراو جۆری بۆ دەکرێت، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە تاک لە کۆمەڵگەدا بەهۆکارو بەرکەوتەی جۆراوجۆر لە توێژە تەمەنی جیاوازدا ڕوبەڕوی ئەم دیاردەیە دەبنەوە، نامۆبون دەتوانین بڵێین مانەوە و بێ بڕیاری تاکە لە پەیوەندییە هاوسەری و خێزانییەکان، هەندێ کات لە ئاگایی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت یان دڵنیانەبونی لە ئەنجامی بڕیار و ئەو بارودۆخە نوێیانەی کە بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە دێنە کایەوە، بە گوزارشتی (پارتیۆ) ئەو هەستەی تاکە بۆ دۆزینەوەی مانایەک بۆ بونی خۆی (بۆدۆن و بۆریکور،793:2019) یاخود نائاگایی تاکە لەڕەوش وهەلومەرجی خۆی لە خێزاندا.

### باکگراوەندی تیۆری و ناساندنی چەمکەکان توێژینەوەکە:

**کێشەی توێژینەوەکە:** خێزان یەکێک لەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەیە بەردەوام جێگەی تێڕامان و شیکاری بوە، دەچێتە نێو هەمو پنتێکی پرسە سۆسیۆلۆژییەکان، یەکێک لەو پرسانە نامۆبونی کۆمەڵایەتییە لە

خێزاندا، زۆرن ئەو گۆڕاوانەی دەبنە هۆی دروستبونی ئەم ڕەوشە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و ڕەنگدانەوەیان لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان، پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزانـدا بە پێی تیۆرە کۆمەڵناسـییەکـان لەڕوی (بونیـادی خێزان، کـارلێکی ڕۆژانە، ئەو ململانێ و هەڵبژاردنانەیی ئەندامانی خێزان لەناو خێزاندا ڕوبەڕوی دەبنەوە)، هەروەها ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانەی هۆکارەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا شیدەکەنەوە کامانەن؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:** خسـتنەڕوی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی شـیکردنەوەی نامۆبون کۆمەڵایەتی لە خێزاندا و ڕاڤەکردنیانە.

**بواری بـابەتی توێژینەوەکە:** بـابەتی شـیکـاری لەم توێژینەوەیەدا، خسـتنەڕوی هەریەکە لە تیۆرە کۆمەڵناسـییەکانی (بونیادی ئەرکەکی، کارلێکی کۆمەڵایەتی، ململانێی کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنی عەقڵانی)یە لە شیکردنەوەی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی بەکارهـاتو لەم توێژینەوەیەدا متیۆدی شـیکارییە، بابەتەکە لەڕوی تیۆرە کۆمەڵناسـییەکانەوە خراوەتەڕو پاشـان شـیکردنەوە بۆ تیۆرەکان کراوە لە چ ڕەوشـێکدا نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا سەرهەڵدەدات.

## دوەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### ١ – نامۆبون

ئاماژەیە بۆ ئەو هەسـتی نامۆبونەی تاک لە ئەنجامی پێکهاتەیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود پەرتبون لە پەیوەندییەکاندا ڕودەدات، پەردەپۆشکردنی ویستی تاکە لە دەرکەوتن ئەمەش بەهۆیی فشاری چەمکی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی، واتە بەردەوام فشـاری نیشـاندانی پتەوی پەیوەندییەکان لە خێزاندا، (هەمەوەند،10:2009)، لە کایەی خێزاندا بە لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکان خۆی نیشـان دەدات، بە تایبەت لە کۆمەڵگە سـەرمایەدارییەکاندا وەک ئەریک فرۆم (Erich Fromm,1990-1980)ئاماژەی پێ دەکات، ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە تاک نامۆ دەکات، چونکە ویسـتە ڕەگییەکانی و خواسـتە دڵخواز وبەردەوام گۆڕاوەکان ئاسـتەم دەبێت، جا لەسـەر ئاسـتی خود بێت یاخود پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ( بۆدۆن و بۆریکۆر،790:2019) بەڵام لای مارکس(Karl Marx,1818-1883) نامۆبون وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کاتێک سـەرهەڵدەدات، تاک قوربانی و خزمەت دەکات، لە بەرامبەردا ویسـت و ئارەزوەکەی بەدی نایەت، گەر لایەنی بەرامبەر زینـدو بێـت یـاخود نـازینـدو، ویسـتەکەش مـادی بێـت یـان مەعنەوی،

(ئەلحەســـەن،560:2012) لە پەرتوکە ئەنســـرۆپۆلۆجییەکاندا بە دورکەوتنەوە پێناســـەی دەکەن، بە چەند قۆناغدا تێپەڕ دەبێت، لە نمونەدا لە پەیوەندی هاوسەریدا بە پاشگەزبونەوە دەست پێدەکات و بە جیابونەوە کۆتایی دیت، (سلیم،41:1981) نامۆبون یەکێکە لە دیاردە مرۆییەکان، تاک هەست بە تەنهایی و خۆویستی خۆی دەکات، دەســتەوەســتانە لە وەڵامدانەوەی بارودۆخی گشــتی و باوی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی و ئەو ئاســـتە ڕۆشـــنبیرییەی کە خۆیان بە ئەندام دەزانن تیایدا، (بۆکانی،50:2006) لە ئێســـتادا ڕەوشـــی نامۆبون، وەک بارودۆخێکی دیاریکراوی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، سەرکەوتو بوە لە سەپاندنی خۆی بەســـەر زۆرێک لە بوارە زانســـتییەکان، بەتایبەتی زاســـتە مرۆییەکان، ڕێکخراوی تەندروســـتی جیهانی (W.H.O)بە یەکێک لە بەربڵاوترین نەخۆشییەکانی سەردەمی زانیوە.(العسال،13:2009)

نامۆبون پرســـێکی ئاڵۆز و فرەمانایە، تاک بۆ کایەیی تێڕامان لە خود، ویســـت، بابەت و ژینگەیی واقعی و ناواقعی، گەیشتن بە پرسیارکردن لە خود و بێ وەڵام مانەوە یاخود بەدەستکەوتنی کۆمەڵێک وەڵامی لێک جودا پەلکێش بکات، ئەمەش پڕۆســـەی بڕیاردان قورس و ئەســـتەم دەکات، تاک بەرەو هەڵســـەنگاندنی بـارودۆخ و غەریزەیی کۆمەڵایەتی دەبـات، ســـەرهەڵـدانی ترس لە دەرئەنجـام و ڕونکردنەوەیی ئەو دەرئەنجامانە. واتە نامۆبون دۆخێکە تاک درک بە بێ توانایی وترس لەگۆڕینی بارودۆخی ژیانی دەکات، تاک لەپەیوەندیدا بە خودی خۆیەوە ڕوبەڕوی بێ توانایی دەبێتەوە، جا لەسەر ئاستی فیزیۆلۆجی، دەرونی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و مەعریفی بێت، یاخود لەســـەر ئاســـتی پەیوەندیدا بێت لەگەڵ کەســـانی دیکەدا و لەچوارچیوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## ٢ - نامۆبونی کۆمەڵایەتی:

بارودۆخێکە تاک توشــی شــلەژانی دەرونی و دودڵی و گۆشــەگیری دەبێت، هەڵهاتن لە بارودۆخ و شــۆک بون لەگەڵ کەسانی چواردەوری و کۆمەڵگە، نامۆبونی تاکە لە کۆمەڵگە و پێوەرەکانی، تێکچونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەمە لە کۆتاییدا نامۆبونی دەرونی کۆمەڵایەتییە، بارودۆخێکە کە تاک دەناڵێنێت بەدەست خودســـەنتەری و هەندێک کات بەرجەســـتەکردنی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی کە ویســـتی لەســـەر نییە و ڕاکردنە لە واقع، (الســـعایدة،2018: 174) هەســـتکردنی تاکە بە نەبونی کارلێک لەنێوان خودی خۆی و تاکەکانی دیکەدا، لاوازی خۆشەویستی و پەیوەستبونە، کەمبونەوەی هاوسۆزی و بەشداریکردنە و لاوازی پابەندبونە بە گرێبەستەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە،(شقیر،267:2005)

نـامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزانـدا، دابڕان و دورکەوتنەوەی ئەنـدامـانی خێزانە لە ژینگەی خێزانی و پەیوەندییە خێزانییەکان، لەناو پەیوەندییە خێزانەکاندا پەیوەندی هاوســـەری و پەیوەندی دایک و باوک و

منداڵەکان لە ناو خۆیاندا هەیە، هەندێک جار خودی خۆی وەک بارودۆخی جەســـتەیی و دەرونی هۆکارە، یاخود ژینگە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی گۆڕاوەکان هۆکارە، بەمەش ناڕونیی لە ویســـت و بارودۆخ، نەتوانینی بڕیاردانە دێنێتە کایەوە، لێرەدا بابەتی دو جەمسەری هەوڵدان بۆ باوەڕپێکردن بە بەهانەی واقعی دێتە کایەوە.

## ٣ - خێزان

پێناســەکردنی چەمکی خێزان بەپێی کات و شــوێن و ڕەوش و کۆمەڵگە و بیروباوەڕەکان جیاوازە، بنەمای پێکهاتنی خێزان بە پڕۆســـەی هاوســـەرگیری دەســـتپێدەکات، وەک بڕیاری تاک، کاتێک دو تاکی کۆمەڵگە بڕیار دەدەن گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی ببەستن،(ڕۆسۆ،41:2005) ئەم بڕیارە دەبێتە هۆی دروست بونی پەیوەندیی هاوســـەری نێوان ژن و پیاو، دروســـت بونی خێزان، بە پێی داب و نەریت و یاســـا پڕۆســـەکە ڕێکخراوە، لەگەڵ بونیادی پڕۆسەکەدا بەرپرسیارێتی ئەرک و ماف سەرهەڵدەدات، هاوسەرەکان هاوبەشی یەکتر قبوڵ دەکەن.(مارک،30:2001) لە لێکدانەوە ســـەرەتاییەکاندا پێکهێنانی خێزان وەک دیاردەیەکی ســروشــتی لەســەر بنەمای پاڵنەری بایەلۆجی بوە، بەڵام زانا ســۆســیۆلۆژییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە پاڵنەرە بایەلۆجییەکان تەنها هۆکار نییە بۆ تێگەیشـــتن لە خێزان و جۆرەکانی، بەڵکو خســـتنەبەرباســـی شـــێوازەکانی پێکهێنانی ژیانی خێزانی لەســـەر بنەمای هەر جۆرە پاڵنەرێک بێت،(مارشـــال،168:2000) یارمەتی شــیکاری ســـەرهەڵدانی نامۆبون لەڕێگەیی بونیادی خێزانەوە دەدات، هەروەها خێزان ژینگەیەکی بنەڕەتییە بۆ پێگەیاندنی تاک لەڕوی جەســـتەیی، دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە کاریگەرترین ژینگەیە لە ئاڕاستەکردنی تاکەکان بۆ ژیان.(أونسة،22:2014)

دەتوانین بڵێین خێزان یەکەمین ژینگەیی کۆمەڵایەتییە، تاک لە پڕۆســەیی پێگەیاندنەوە پێداویســتیە ڕۆحی و جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت و پەیوەندییە خێزانییەکان دروست دەبێت، دواتر تاک دەبێتە خاوەنی شوناسی کەسی خۆیی لە خێزاندا، بونی متمانەو ڕێز لەم پەیوەندییەدا دەبێتە هۆی پێکهاتنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ تاک، لەنێویدا هەست بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکات.

## دوەم: شیکردنەوەی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا لەڕوانگەی چەند تیۆرێکەوە:

### ١ - تیۆری بونیادی وەزیفی:

ئەم تیۆرە هەوڵدەدات سیستمی خێزان بە بونەوەری ئۆرگانی زیندو بەراورد دەکات لەڕوی بەش و ئەرک و تەواوکـاری هەر بەشـــێکیـان لەگەڵ یەکتر، پێکهـاتەو ئەرکەکـان جێگیرو دیـاریکراو نین و ڕوبەڕوی

گۆڕانکاری دەبنەوە، زیاتر وابەستەی باروودۆخ و پێشهاتەکانن، ئەمانەش کردە دیاری دەکەن، (Spencer,1991:58) بە بڕوای دۆرکایم(Emile Durkheim,1858-1917) پێویستە هاوشێوە تەماشاکردن بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ودیاردە بایەلۆجییەکان نەکرێت، بەهۆکاری ئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە هەندێک باری وێنا و کردەدا قەتیس دەبێت، هەروەها نابێت لەگەڵ دیاردە سایکۆلۆجییەکانیشدا هاوشێوەبکرێت، بەهۆکاری ئەوەی تەنها لەنێو هەستی تاکاکاندا بونی هەیە، (دورکایم،1988:53)بەهەمان شێوە بۆ سیستمی خێزانیش پێویستە بە ڕاڤەی تیۆرە کۆمەڵناسییەکان و لەخۆگری ڕەوشی کەسی شیکار بکەین، بۆ شیکردنەوەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، پشتی بەو ئەرک و فەرمان (وەزیفەیە)بەستوە، (عەزیز،282:2009) بنەمای ویستی تاک بۆ بونیادی خێزان و بنەمای هەڵبژاردنی هاوسەر، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر بونیادی خێزان و سەرهەڵدانی ڕەوشی نامۆبون دەبێت،(موحسنی،2002 :387) خێزان تاک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستە دەکات، لەسەر بنەمای کارلێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام و جێگیر، ئامادەی دەکات بۆ کارلێک لە نێو گروپ و دامەزراوەکان و ئەنجامدانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ناو خێزان و دەرەوەی ژینگەی خێزانی دەیبینێت.(خەلیل،2007 :5) مورای بوین (Murray Bowen,1913-1990) پێیوایە هەریەک لە تاکەکان ڕۆڵی خۆیان لە خێزاندا دەبینن لە ڕێگەی ئامادەییانەوە تێیدا، ئەم ڕۆڵانە ملکەچی سیستمی کەلتوری و بەهاییەکانن، بۆ پاراستنی ئەم سیستمە جەخت لەسەر دروستکردنی هاوسەنگی دەکاتەوە، ئەمیش لەڕێگەی پاراستنی شێوازی ڕەفتار لەناو سیستمەکەدا دەبێت، بەو پێیەی غەریزەی سۆزداری باڵادەستە بەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری تاکەکاندا، هەر گۆڕانکارییەک لەهەریەک لە بەشە پێکهێنەرەکانی خێزاندا ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی ئەندامەکانی خێزان دەبێت، هۆکارەکانی گۆڕانکاریی لە سیستمی خێزاندا، لەلایەک گۆڕانکاری ناوەکییە، ئەم جۆرە دەتوانرێت پێشبینی بکرێت، وەک گۆڕانکاری لە ژیانی ڕۆژانەدا، لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکاری ناپێوەرییە (چاوەڕواننەکراوەکان) : وەک قەیرانەکان کە ڕووبەڕوی خێزان دەبێتەوە.(البشتي،237:2017) تاکەکان لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا کۆمەڵێک ئەرک و کردەیان لەسەر شانە، لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەرک و کردەدا بکەین، چونکە هۆکارە بۆ دەرخستنی ڕەوشی نامۆبون بەپێی شیکاری بونیادی ئەرکەکی، لە زۆرێک سەرچاوەکاندا چەمکی ئەرک لە شوێنی کردە بەکاردێت، وەک باخەوان ئاماژەی پێدەکات "ئێمە کاتێک بە شتێک دەڵێین کردەی کۆمەڵایەتی کە بوبێت بە واقعێکی بەرجەستەکراو نەک خەیاڵکراو و وەهمی" لە زانستە فیزیکییەکاندا ئەم وشەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە چالاکی ئەزمونگەراییەوە هەیە، تێبینی دەکرێت و دەرهاویشتەی دەبێت،(باخەوان،14:2007)لێرەدا مەبەست لە ئەرک، حاڵەتێکی کرداری نییە و نەچۆتە باری جێبەجێ

کردنەوە، واتە تاکەکان بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە هەڵنەساون و لە زهنی تاکەکاندا هەیە، دەتوانین بڵێین ئەو ئەرکانەیە، کە تەنانەت پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرییەکە تاکەکان پێی ئاشنان، لە ئەگەری بەکرداری نەکردنی ئەم ئەرکانەدا، تەنگژە و نائارامی و کێشـــە ســـەرهەڵدەدات و تاک و بونیاد ڕوبەڕوی ڕەوشـــی نامۆبون دەکاتەوە. ناکۆکی لە پرۆســـەی هاوســـەرگیری بە پێی ئەم تیۆرە، دەرئەنجامی تێکچونی پەیکەری پەیوەندییەکانی ناو پێکهاتەی بونیادی خێزان ڕودەدات، بەهۆی ئەوەی خێزان زۆرێک لە ئەرکەکانی لەدەستداوە، ئەرکەکانی خێزان ڕویان لە دامەزراوەکانی دەرەوەی خێزان کردوە وەک قوتابخانە و شوێنی کات بەســـەربردن وشـــوێنی کار، هەروەها ڕادەی پابەندبونی هاوســـەران بەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردراوە،(اجنید،29:2020) لێرەدا لەڕێگەی شیکاری ئەرکەکانی خێزانەوە سەرهەڵدانی ڕەوشی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا دەخەینەڕو، لەوانە: ڕێکخستنی ئابوری خێزان، کارکردن بۆ بەدەستهێنانی داهات و تێرکردنی پێداویســـتی و ویســـتە مادییەکان، بۆ پاراســـتنی هاوســـەنگی پلەو پایەی ئابوری و کۆمەڵایەتی.(القصیر و احمد،2002 :115) ڕێکخستنی ئەم ئەرکە، ڕەنگدانەوەی ئاشکرا لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان بەجێدەهێڵێت، بە هۆکاری ئەوەی هەر جۆرە لە کەموکوڕیی وشڵەژانێک یاخود زیاد گرنگیدان لەم ئەرکەدا هەبێت، ئەندامانی خێزان ڕوبەڕوی نامۆبونی کۆمەڵایەتی دەکات، چونکە لە ڕۆژگاری ئێســـتادا سەرەڕای پێداویستییە بنچینەییەکان، دڵخۆشکەرە مەعنەوییەکانیش هەندێک کات لە ڕێگەی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە ئەنجامدەدرێن، و زیاد گرنگیدانیش بەم ئەرکە دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی خێزان، ئەرکی سێکسی، خێزان بەرگێکی یاسای و قبوڵکراو دەکات بە بەر پرۆســەی تێرکردنی ڕەمەکە سێکسییەکاندا.(الغزوي و ئەوانی دیکە،179:2018) لە کاتێکدا هاوســـەرەکان گرنگی نەدەن بە ڕێکخســـتنی ئەم ئەرکە، ڕەچاونەکردنی هەســـت و ســـۆز، ویســـت و تایبەتمەندییەکانی ژن و مێرد لەکاتی ئەنجامدانی کردەکە و زاڵ بونی گرفتە ژینگەییەکان بەسەر پەیوەندییە سێکسییەکاندا، ڕێگە خۆشدەکات بۆ ساردی سێکسی و پشتگوێ خستنی ســـۆز ولە کۆتایدا نامۆبونی ســـۆزداری و ســـێکســـی لێدەکەوێتەوە، ئەرکی وەچە خســـتنەوە، نەســـازانی هاوســـەرەکان لەســـەرەتای پرۆســـەکەدا، یاخود بە هەند وەرنەگرتنی ئەم پرســـە ڕوبەڕوی ڕەوشـــی نەگونجانیان و نامۆبونی بڕیاردانیان دەکات، دابینکردنی هەستی ئاسایش وپاراستن، لەکاتی دروستنەبونی ئەم هەســـتە لەلای هەریەکە لە ئەندامانی خێزان، یاخود لەدەســـتدانی ئەم هەســـتە، ڕەوشـــی نامۆبون ســـەرهەڵدەدات، بە ناهاتنەوە بۆ ماڵ، خۆ شاردنەوە لە ئەرکەکان، گرنگی نەدان بە هەمو ئەو پرسانەی کە گرنگن بۆ بونیادی خێزان.ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، نەبونی جۆرێک لە ڕێکەوتنی دایک و باوک لەسەر چۆنیەتی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، دەســـتێوەردانی ماڵە باوانی ژن و مێردەکە، ڕەوشـــی نامۆبون دێنێتە کایەوە.(کۆهێن،178:2014)مارســـیل موس (Marcel Mauss,1872-1950) جەخت لە

کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر جەستە دەکات، تەکنیکەکانی جەستە بە چەمکی هابیتوس (Habitus) (یادەوەری شاراوە)دەبەستێتەوە، کە بەهێزترە لە چەمکی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی ئەوەی تاک کردە لە تایبەتمەندی کۆمەڵگەکەی و شێوازی پەروەردەکردنەوە وەردەگرێت،(عبداللە و عەبدول،339:2019 ) توانا جەستەییەکانی مرۆڤ دیاریکراوە، زیاد بەکارهێنانی توانا جەستەییەکان لە دەرەوەی سیستمی خێزان بەهەمان شێوە ڕێگەخۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی ڕەوشی نامۆبون، چونکە تاک کاتی چالاکی ڕۆژی لە دەرەوەی ژینگەی خێزانە، کە دێتە ماڵ جەستەیەکی ماندوە.

لێرەدا ئەرکی ئاشکرا و ئەرکی شاراوە بونی هەیە، ئەرکی ئاشکرا لە بونیادی خێزاندا خۆی لە ئەرکی (ڕێکخستنی ئابوری، پەیوەندی سێکسی، وەچەخستنەوە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی...هتد) دەبینێتەوە، بەڵام ئەرکی شاراوە لەناو ئەم ئەرکانەدا تاک دوای چونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە درکی پێدەکات، وەک (گرنگیپێدان، هاوکاریکردن و هاوسۆزی ..هتد) کاتێک ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان جێبەجێناکرێت یاخود پشتگوێ بخرێت، جا بەمەبەست بێت یاخود بەبێ مەبەست، چاوەڕوانییەکانی لە ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتییەکانی یەکە پێکهێنەرەکانی خێزان ڕوبەڕوی گومان و لەرزین دەبێت، ئەو تێڕوانینەی بۆ هاوسەرەکان لە دوای پێکەوە ژیان و واقعی ژیانی ڕۆژانە دروستدەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زەمینە سازی بۆ ڕەوشی نامۆبون.

## ٢ - تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی:

ریغ کالهون (Craig Jackson Calhoum,1952) پێیوایە سیستمی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کردەی مرۆڤەکانە بە کارلێکی تاکەکان دێتە کایەوە، سێ پێکهاتە لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: کارلێکی ڕوبەڕوی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگیدان بە مانا کە تاکاکان بە کردەکانیان دەیبەستنەوە و گرنگیدان بە ئەزمونی ژیان،(الحوراني،25:2008) (هۆمانز(George C. Homans,1910-1989) لە شیکردنەوەی کردەی گروپیدا، خێزانیش وەک گروپێکی کۆمەڵایەتی سێ پێکهێنەری سەرەکی دەخاتەڕو، ئەوانیش: چالاکییەکان، مەبەست لە جوڵە ماسولکەییەکانە، کارلێک: ئەو کردەیەیە بەهۆی چالاکییەکی کاسییەوە یاخود بەهۆی چالاکی کەسێکی دیکەوە هان بدرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کاتی ڕودەدات، سۆز: یاخود ڕەوشی دەرونی تاک، لەڕێگەی تۆنی دەنگ یاخود دەربڕینەکانی ڕوخسار و هەڵوێستی جەستە دەردەکەوێت، (تیماشیف،379:1983) و هەروەها سۆرۆکین(Pitirim Sorokin,1889-1968) کۆی ئەو بەها و پێوەرانە لەلای کەسێتییە کارلێکردوەکان واتا دەبەخشن سەربار دەکات،(ئەلفەوال،150:2020) دەتوانین ئەم تیۆرە بەسەر خێزاندا جێبەجێ بکەین و شیکاری ڕەوشی نامۆبونی کۆمەڵایەتی بکەین، بە هۆکاری ئەوەی

ئەندامانی خێزان بەشێوەیەکی بەردەوام کارلێک لە نێوانیاندا ڕودەدات، بە سێ ئاستی شیکاری دیاریمان کردوە، ئەوانیش: پێکهێنەرەکانی خودی کۆمەڵایەتی، ئامرازە کۆمەڵایەتییەکان و خود هەڵسەنگاندنە.

**١ - پێکهێنەرەکانی خودی کۆمەڵایەتی:** مید (George H. Mead,1863-1931)خودی مرۆڤ خۆیەکی کۆمەڵایەتییە، لەناو گروپ و پەیوەندییەکاندا دەردەکەوێت، لە ئەنجامی ئاوێتەبونی دو هۆکار دێتە بون، ئەوانیش: هۆکاری دەرونی، پەیوەندی بە دەرونی تاکەوە هەیە، تایبەتمەندی هەرکەسێک جیاوازە لە کەسێکی دیکە و هۆکاری کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەر کە تاک لەناویدا دەژی و کارلێک دەکات.(عەزیز،338:2009) لە ڕێگەی سێ یەکەی شیکاری پێکهێنەرەکانی خودی کۆمەڵایەتی دەخەینەڕو، ئەوانیش: (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئەزمونی ژیانی ڕۆژانە و چاوەڕوانی لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان)

## أ – پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

منداڵ لە سەرەتادا بونەوەرێکی سروشتییە و بە تێپەڕبون بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییدا دەبێتە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، یەکەم دەروازە لە خێزانەوە دەستپێدەکات، ئەویش بە کارلێکی بەردەوام و ئاشنابون بە ڕۆڵ و پێگەی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی، لە هەمان کاتدا وەرگرتنی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەو شێوەیە خێزان یەکەم ئاراستەکەری کردەی تاکە، دواتر کردەی تاک دەکەوێتەبەر هەڵسەنگاندنی لەلایەن ئەوانی دیکەوە، لێرەدا خودی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، (خەلیل،30:2007) باندورا (Albert Bandura,1925-2021) باس لە فێربونی کۆمەڵایەتی دەکات لە چوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا دێتەکایەوە، بە تێبینیکردنی کردەی کەسانی دیکە، هەوڵی دوبارەکردنەوەی کردە، بەتایبەت ئەگەر کردە تێبینیکراوەکە ناساز نەبێت لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و پاداشت بەدوای خۆیدا بهێنێت، تێبینیکردنی ئەم کردانەو هەوڵدان بۆ دوبارەکردنەوەی پەیوەستییەکی زۆری هەیە بە مەعریفەی تاکەوە، چونکە پەیوەندی بە هەریەک لە چەمکەکانی تێبینیکردن و یادەوەری و پاڵنەرەوە هەیە،(Nabavi,2012:5) پرۆسەی پێگەیاندنی هەریەکە لە هاوسەرەکان لە ناو خێزانەکانی خۆیاندا ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنیەتی ئەم پرۆسەیە دەبێت لەسەر شێوازی ژیانکردن، هەڵسوکەوتکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانی خۆیاندا، دەتوانین بە چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەرگیراو، کە مەبەستمان لەو پرۆسەیەیە کە هەریەکە لە دایک و باوکەکە پێیدا ڕۆیشتون و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کارپێکەر، مەبەستمان ئەو پرۆسەیەیە کە هاوسەرەکان لەگەڵ خۆیان و منداڵەکانیاندا پەیڕەوی دەکەن.

## ب – ئەزمونی ژیانی ڕۆژانە:

تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی لەســـەر بنەمای بەرکەوتنی ژیانی ڕۆژانە بونیادنراوە، (بوتومور،144:2004) ئەم ئەزمونە کاریگەری ژینگەی دەرەوەی خێزان لەســـەرئەندامانی خێزان لەســـەر ئاســـتە زۆر وردەکان دروست دەکات، ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان دەبێت.

## ت – چاوەڕوانی لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان:

ڕۆڵەکان و کردەی تاکەکان لە بونیادێکی جێگیردا، ئەو چاوەروانیانەی کە بەرامبەر یەکتر هەیانە کە لە مانا و هێماکانەوە دەردەکەوێت، (الليل و أكرم،156:2022) گرنگی بە یەکەی بچوکی کردە و مانا بەخشـــین بە کردەکان دەدات، (کریب،149:2008) لەئەنجامی کارلێکی نێوان تاکەکان پەیوەندی دروســـت دەبێت، دواتر دابەشکردنی ڕۆڵەکان دێتە کایەوە،(علي و الاخرون،17:2008) ئاڵوگۆڕی ئاسایی نێوان ئەندامانی خێزانە لە شـــوێن و کاتێکی دیاریکراو واتە (لێرە و ئێســـتا)دا، دواتر دەبێتە پەیوەندی خێزانی و بە تێپەڕبونی کات تاکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە بەبێ ویستی خۆیان، لەڕێگەی کارلێکەوە دەبێتە پەیوەندییەکی مانادار، لێرەدا پەیوەنـدی خێزانی تەنهـا زنجیرەیەک کـارلێکی چـاودێریکراو و پێوانەکراوی بەرامبەر نییە، (Manzi,2011:571-572) بەڵکو هەروەک زیمێل (Georg Simmel,1858-1918)دەڵێت: کارلێکی نێوان تاکەکانە، بەرئەنجامی کردەی ئاڵوگۆڕکارییەیە، ئەم کردانە لەلایەن کۆمەڵێک پاڵنەری جیاوازەوە ئاڕاســـتە دەکرێت، وەک (ڕەمەکەکان، بیروباوەڕەکان، بەرژەوەندییەکان) کە هۆکارن بۆ مانەوە و چێژوەرگرتن، شـــێوەی کردە لای زیمێل تا دێت کاتی دەبێت، هەتا مرۆڤ لەگەڵ گۆڕینی پۆشـــاکەکەیدا بیر و کردەشـــی دەگۆڕێت.(جونز،154:2010) پەیوەندییە خێزانییەکانیش بەهەمان شـــێوە بەهۆی جیاوازی و کارئاســـانی ڕێگەکان بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکان، وەک گۆڕینی پەیوەندی توندوتۆڵی ڕوبەڕوی خێزانی بۆ پەیوەندی ساردوسڕی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەندامانی خێزان، یاخود ڕەنگدانەوەی ڕۆڵە پیشەییەکان لەسەر ئەندامانی خێزان بۆ نمونە ئەو ڕۆڵەی وەک هاوســـەرێک لێی چاوەڕێدەکرێت، هاوســـۆز بێت نەک بەڕێوەبەرێک بێت، واتە کۆمەڵە هۆکارێک وەک هۆکاری وەرگرتنی ڕۆڵی نوێ وەک لە دایکبونی منداڵ، ژینگەی کار، توانای جەســـتەیی، ئامێرە تەکنەلۆجییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەســـەر چاوەڕوانییەکان لە ڕۆڵی ئەندامانی خێزان دەبینێت.

## ٢ - ئامرازە کۆمەڵایەتییەکان:

کارل گۆســـتاڤ یۆنگ (Carl Gustav Jung, 1875-1961)باس لە کارلێکی هێمایی مرۆڤ دەکات، لەو باوەڕەدایە مرۆڤ پڕە لە هێما، بۆ گەیاندنی ئەوەی لە زەینیدایە بۆ هاوشێوەکانی خۆی پەیوەندی بە ژمارە و چۆنیەتی هەســـتەکانییەوە هەیە، بەهۆی کارلێکی نێوان تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا واتا وەردەگرێت و

بڕیاری لەســـــەر دراوە، بەڵام هیچ کام لەمانە هێما نین، بەڵکو تەنیا دەربڕی نیشـــانەی شـــتەکانن، هێما زاراوەیەکە، ناوێک یان نیشانەیەکە، بەشێوەیەکی گشتی هێما بۆ مرۆڤ حاڵاتێکی نەناسراو و شاراوەیە، لایەنێکی نائاگایی فراوانی هەیە، کە هەرگیز نەدەتوانرێت بەشێوەیەکی ورد دیاری بکرێت، نە بەشێوەیەکی تەواو ڕون بکرێتەوە، (یۆنگ،2019:15-14) یەکێک لە هێما کۆمەڵایەتییەکان دەربڕیی زارەکییە، تاک لە پرۆســـەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە وەریدەگرێت، زمان لای شـــتراوس (Levi Strauss,1829-1902) یەکێکە لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوە مرۆییەکان، زمان لە عەقڵی نائاگاییەوە ســـەرچاوە دەگرێت، یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی گۆڕینی مرۆڤ لە بونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە سیستمە هێماییەکان، گرنگترین ئەرکێک زمان جێبەجێی دەکات، لێکتێگەیشتن و پەیوەندیکردن و ئاسانکاری کارلێکی کۆمەڵایەتییە لە نێو مرۆڤەکاندا،(شـوانی،92:2017 ) فەزای نوێ و بەکاربردن سـیسـتمی هێمای تازە دێنێتە کایەوە، دەبێتە هۆی دروسـتبونی شـوناسـی کۆمەڵایەتی و پێگەی پێدەبەخشـێت، جا ئەو فەزا نوێیە مادی، مەعنەوی یاخود جەســـتەیی بێت،(قانع،46:2012) دەتوانین بڵێین بونیادی خودی کۆمەڵایەتی، پێکهاتە ســـەرەکییەکانی لە خێزانەوە ســـەرچاوە دەگرێت، هێماکان میکانیزمەکانی گونجان و خۆڕاهێنانە لەگەڵ ژیانی خێزان و دامەزراوەکانی دیکە، یاخود سەرەتایی پرۆسەی مانا بەخشینە بە کردەی کۆمەڵایەتی ، هێماکان کردە و ویســتی تاک جێبەجێدەکەن و دەیگەیەنن، پرۆســـەی گەیاندنەکەدا بە بچوکترین ڕەوش وبارودۆخ بارگاوی دەبێت و لێکەوتە بەجێدەهێڵێت.

## ٣ – خود هەڵسەنگاندن:

خود لای فرۆم دابەشـدەبێت بۆ خودی ڕەسـەن و خودی ناڕەسـەن، خودی ڕەسـەن، ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدات بە عەقڵ و هەســـت بڕوای پێیەتی، بەبێ کاریگەربونی بڕیارەکانی بە ئەوانی دیکە، خودی ناڕەســـەنیش بە پێچەوانەوە،(حماد،117:2005) خود لای کارل ڕۆجەرز(Carl Ransom Rogers,1902-1987) ئەو بەشـــەیە لە بون لە کۆمەڵێک تێگەیشـــتن و بەها و بڕیار پێکهاتوە، ســـەرچاوەکەی ئەزمونی دڵخوازە و کردەیە، لە واقعدا تاک بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات کە هەستی پێدەکات و لێی تێدەگات، و مەیلی هەڵسەنگاندن و بەخۆدا چونەوەی کردەی ئەزمونکراو دەکات، بەهای بۆ دادەنێت، لەژێر کاریگەری ئەزمونە ژینگەییەکان و بەرکەوتەی لەسـەر تاک، ئەو ژینگەیە هەڵسـەنگاندن بۆ کردەی تاک دەکات، بە پێی ئەو هەڵســـەنگاندنە ژینگەییەی دەوروبەر، خود بۆ ســـێ بەش دیاریدەکات، (کفافي،2009:39) ئەوانیش: خودی ڕاستەقینە، ئەو توانایانەیە کە وێنەی ڕاستەقینە بۆ هەرکەسێک دیاریدەکەن، خودی کۆمەڵایەتی، ئەو تێگەیشـــتن و تێڕوانینانەیە کە تاک لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە وەریدەگرێت و خودی ئایدیاڵ، کۆمەڵێک ئامانج و دیدگای داهاتوە، کە تاک هەوڵی بۆ دەدات،(الجماعي،2009:109) گۆفمان ( Erving

(goffman,1922-1982)باس لە دۆزینەوەی چۆنییەتی پەیوەندییەکان و کردەی ڕووبەڕوی تاکەکان دەکات، کە سیستمی کلتوری چۆنیەتی ئەو پەیوەندییانە بونیاد دەنێت بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە شـــانۆ، کە تاکەکان تێیدا ئەکتەرن وبە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵەکانیان نیشـان دەدەن، واتە کردەکانی کۆنترۆڵ دەکات، هەوڵدەدات وێنەیەکی نمونەیی و خوازراو نیشـــان بدات، جا لەڕوی ڕوکەشـــییەوە بێت یاخود ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی کە تاکەکان جێبەجێی دەکەن، بەمەبەســـتی بەجێهێشـــتنی وێنەیەکی ئەرێنی لای کەســـی بەرامبەر، (کـابـان و دورتیە،116-120:2010) دەتوانین بڵێین ئەو قۆناغەیە تاک مۆرکێک بە کردەکان و پەیوەندییەکانی تاک دەدات، هەڵســـەنگاندن بۆ خۆی دەکات، کە هەریەکەیان بە جۆرێک ڕەوشـــی نامۆبون دێنێتەکایەوە، ئێمە لێرەدا دابەشی چەند جۆرێکی دەکەین، لەوانە:

**أ – خودی قوربانیدەر:** تاک خۆی لێرەدا بە قوربانیدەر بۆ ژیانی هاوســـەرداری و خێزانی دەبینێت، بە واتایەکی دیکە هەمو توانای بۆ کاتێکی باشـــتر بۆ خێزان و پەیوەندییەکە بەکاردەهێنێت، بەڵام هەمو کات ویستی پێزانینی هەیە و ئەوانی دیکە لێی بێئاگان.

**ب – خودی ڕوکەشـــی یان خود لە پێناوی ئەوانی دیکەدا:** لێرەدا هەر جوڵەیەکی تاک بۆ ڕەنگدانەوە نییە لەسەر ژیانی خێزانی، بەڵکو نیشانی کەسانی دیکە دەدات، گەر دەربڕینی خۆشەویستی بێت یاخود گۆڕینی کەلوپەلی ناو ماڵ بێت.

**ت – خودی بەراوردکار:** بەراوردکاری بەســـەر کۆیی پرۆســـە خێزانییەکانیدا زاڵ دەبێت، بەراورد لەســـەر ئاســـتی وردی هەمان خێزان، بەوەی یەکێک لە ئەندامانی خێزان یاخود هاوســـەرەکان خۆی بە ئەندامێکی دیکەی هەمان خێزان بەراورد بکات، وەک کاتێک یەکێک لە هاوســـەرەکان لەڕوی ســـۆزدارییەوە بەراورد دەکات، یاخود بەراوردکاری لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەک بەراوردی شێوازی ژیانی خۆی بە کەسانی دیکە.

**پ – خودی پیاهەڵدان:** ئەم جۆرە بەردەوام ویســـتی پیاهەڵدان و پەســـنی کردنی هەیە لەهەریەک لە کارەکانیدا لەلایەن ئەوانی دیکەوە.

**ج – خودی ســـەرزەنشـتکار:** بەردەوام لەگەڵ هەر جوڵە و دەربڕینێکدا ســـەرزەنشـتی خۆی دەکات یاخود سەرزەنشتکردنی خۆی لە بڕیارەکانی ڕابردوی.

### ٣ – تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتی:

هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی کە تایبەتمەندی بەردەوامی هەبو، ڕوبەڕوی ململانێ دەبێتەوە، لە ئاستە وردەکانی سیستمەکەوە دەستپێدەکات،(زاید،55:1983) خێزانیش وەک سیستمێک کۆمەڵایەتی ڕوبەڕوی ململانێ دەبێتەوە، کاتێک کە باس لە ململانێ دەکرێت مەرج نییە واتای توندوتیژیی بێت، بەڵکو ڕاڕایی و دژایەتی و ناکۆکی و پێشبڕکێی دەگرێتەوە، دەرچونە لە ڕەوشە ئاساییەکەی، خۆرسکانە نییە،(الغزوي و ئەوانی دیکە،46:2018) بە هۆکارێک سەرهەڵدەدات جا خودی بێت لای تاک گەڵاڵە بوبێت یاخود دەرئەنجامی پەیوەندییەک بێت.لێرەدا لەسەر پێنج ئاست شیکاری بۆ دەکەین:

### ١ - ململانێ لەسەر ئاستی خود:

مەبەست لە ململانێی دەرونی (الصراع النفسي) ئەو بارودۆخەیە کە تیایدا تاک دەکەوێتە نێوان دو پاڵنەر، دو پێداویستی یاخود دو گرفت و زیاتر، ناتوانێت بە ئاسانی بڕیاربدات و یەکێکیان هەڵبژێرێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە تاک کۆمەڵێک پێداویستی و ویستی تایبەتی هەیە و بەردەوام هەوڵی تێرکردنیان دەدات، لە هەمان کاتدا تاک لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدایە و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان سنور بۆ تاک دیاری دەکەن، بەمەش بەرکەوتن و ڕوبەڕوبونەوە لە نێوان ویستی کەسی و سنورە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبێت، (قەرەچەتانی،364:2015) ڕۆجەرز پێیوایە ئەم جۆرە لە ململانێ لە ئەنجامی ناکۆکی لە نێوان ئەزمونەکانی تاک لەگەڵ بیرکردنەوەی و پاڵنەرە ڕوکەشییەکان یاخود پاڵنەری ئۆرگانی ونائاگاکاندا بونی هەبێت ڕودەدات،(کفافي،2009 :39) نامۆبونی کۆمەڵایەتی لەم جۆرەی ململانێیدا، بە هۆکاری پێکدادانی پاڵنەرە دەرونییەکانی تاک و بەربەستە کۆمەڵایەتییەکاندا، یاخود بە هۆکاری نەخۆشییە دەرون- جەستەییەکان ڕودەدات، وەک نەخۆشی فۆبیای سێکسی لە نێوان هاوسەراندا، یاخود ویستە تایبەتەکانی ئەندامانی خێزان بەتایبەت هەرزەکاران لەگەڵ سنورە کۆمەڵایەتییەکان بەریەکدەکەون دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا.

### ٢ – ململانێ لەسەر ئاستی پەیوەندی:

پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان دو لایەندا سەرهەڵدەدات بەرژەوەندی و ئامانج لەنێوانیاندا بونی هەیە، هەمو ئامراز و ڕێگەیەکی یاسایی و دانپێدانراو یاخود بە پێچەوانەوە دەگرنەبەر بۆ بەدەستهێنانی ویستەکانیان، ململانێی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا کردە مەبەستداربێت لە ئیرادەی تاکەوە بچێتە بواری جێجەجێکردنەوە، و بونی کەسی بەرامبەر کە بەرهەڵستی بکات، لە سەرەتادا بە ناکۆکی دەستپێدەکات،(فیبر،72:2011) مێرتۆن تیشک دەخاتە سەر گونجان لەگەڵ ململانێ لەنێو سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندا، جیاوازی و گونجاندنی کەسایەتی لەگەڵ ئامانج و ئامرازەکان کە

پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دیاریکردون، و چۆن بونیادی کۆمەڵایەتی فشار دەخاتەسەر تاک بۆ بەشداریکردن، جیاوازی هەیە لەنێوان بەهای تاک و بەهای کۆمەڵایەتی و پاداشـــتە کۆمەڵایەتییەکان، کە دواتر وادەکات کردەی تاک بخاتە بەر هەڵســـەنگاندن،(Merton,1938:672 ) جۆرج زیمل باس لە ململانێی ئاشـــکرا لە خێزاندا دەکات، بۆ ئەو کەســـانەی کە هەوڵدەدەن ئەو نمونە کۆمەڵایەتییەیان بپارێزن ئازار بەخشـــە، (شـــارۆن،2009 :97) لای مارکس تاکەکان بۆ بەرژەوەندییەکانیان کار دەکەن، ئەمەش هۆکارە بۆ ســـەرهەڵدانی ململانێ لەســـەر ئاســـتی پەیوەندییەکان، ئەمەش ڕەوشـــێکی ناســـەقامگیر دێنێتەکایەوە، (خەلیل،33:2019) جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە لەسەر خێزان جەخت لەسەر بەدەستهێنانی سەرچاوە دەکات وەک (ماڵ و ســامان و موماره‌ســەکردنی ڕۆڵە ســەرەکییەکان و کێبڕکێی ئەندامانی خێزان لە بەدیهێنانی ئامانجە خودییەکان)، بە چەند قۆناغدا دەڕوات،(خەلیل،38:2007)

## ٣ – ململانێی ڕۆڵەکان:

تاک لەناو ئەو گروپانەی لە یەک کاتدا ئەندامە تیایدا چەندین ڕۆڵ دەبینێت، کە هەریەکە لەو ڕۆڵانە ئەرک و پێداویســـتی خۆی هەیە، لە ڕێگەی پێگە کۆمەڵایەتییەکان کە بەهۆی جێبەجێکردنی ئەرک و پابەندبون پێیانەوە، هاوســـەنگی نێوان ڕۆڵەکان کارێکی ئاڵۆزە، بەهۆکاری ئەوەی توانای جەســـتەیی و هزرییەکان و هەلومەرجی کـاتی و بەهـادانـان ســـنوردارە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەریەککەوتنی و تێکەڵکردنی ڕۆڵەکان.(خلیل،280:2009)تاک لە خێزاندا ئەندامە، لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەرەوەی خێزانیشـــدا لە چەند گروپێکدا ئەندامە، ئێمە گەر باس لە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵەکان لەسەر یەکتر بکەین، دەبینین تاک لە ژینگەی کار ڕۆڵیـک دەبینێت، کە دێتەوە نـاوخێزان ڕۆڵێکی دیکە دەبینێت، لەنـاو خێزانیشـــدا چەنـد ڕۆڵ دەبینێت، خۆســـەپێنی ڕۆڵێک لە کۆی ڕۆڵەکاندا ململانێی لێدەکەوێتەوە و ڕێگەخۆشـکەرە بۆ ســـەرهەڵدانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا.

## ٤ – ململانێی واقع و وێنا:

کاتێک باس لە ململانێ دەکرێت، ڕاســـتەوخۆ دوبەرە لە ئاڕاســـتەی پێچەوانەی دیکە دێتە هزرمانەوە، جا لەسـەر ئاستی تاک بێت، لێرەدا مەبەست لە بارودۆخ، گرفت ونەخۆشـیە دەرونییەکانە، کەوا لە تاک دەکات ڕوبەڕوی ئەم جۆرە لە ململانێیە بێتەوە لەگەڵ خودی خۆی، یاخود لەســـەر ئاســـتی پێوەر و بەهـا و دامەزراوەکاندا بێت یاخود پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکار بن بۆ سەرهەڵدان ململانێ.

ناتەندروستی دەرونی سەرهەڵدانی ململانێ ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندییەکان

ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکان سەرهەڵدانی ململانێ ناتەندروستی دەرونی

خێزانیش وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی هەر یەک لەم جۆرانە لە ململانێ لەخۆدەگرێت، بەوەی تاک بە کۆمەڵێک بارودۆخ و ڕەوشدا تێدەپەڕێت زەمینەسازن بۆ سەرهەڵدانی ململانێ.

## ٤ – تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی:

ئەم تیۆرە پشت بە بنەمایەکی بەرژەوەندیخوازیی دەبەستێت، بۆ دەستخستنی زۆرترین سود،(خليل،387:2009) تاک بونەوەرێکی عەقڵانییە و بە لەپێش چاو دانانی بڕیارەکانیان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئامانج و مەبەستەکانیان کردەکانیان ئەنجامدەدەن،(زێباری،307:2017) گریمانەی ئەوە دەکات کە ویست وبیروبۆچونەکانی تاک پاساوی کردەکانیەتی،(كريب،127:2008) لێرەدا کردە ئاڵوگۆڕی دێتە کایەوە، لێرەدا بەپێی چەند هزرێکی سودخوازی شیکاری بۆ دەکەین، ئەوانیش:

### ١ - هزری بەرژەوەندی خوازی:

هۆمانز (George C. Homans,1910-1989) باس لەو کردە بەرژەوەندیخوازە دەکات کە پێداویستییەک تێر دەکات، واتە تاک کردەیەک ئەنجامدەدات، بەبەکارهێنانی ڕێوشوێنە عەقڵییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەوپەڕی سود،(كريب،126:2008) واتە تاک کردەیەک ئەنجامدەدات و چاوەڕێی وەرگرتنی پاداشتە بە کەمترین تێچو، یاخود ئەزمونکردنی ئەو کردەیە لە ڕابردودا و وەرگرتنی پاداشت لەسەری واتە بە مەبەستی دوبارە پاداشت کردنەوە ئەنجامیدەدات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر پاداشت ڕابگیرێت ئەنجامدانی کردەش ڕونادات،(زايتلن،113-120:1989) مارکس جەختی لەسەر لایەنە ئابورییەکە بو، بە هۆکاری ئەوەی تاک نەبێتە قوربانی کاڵایەک و دواتریش ئەو کاڵایە نەیکاتە کۆیلە، بڕوایی وابو کە بەرهەمەکانی مرۆڤ دواتر چۆنیەتی ژیانکردنی تاک لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاریدەکات،(حماد،95:2005) واتە مارکس باس لە کردەی ئاڵوگۆڕ دەکات، تاک وزەی خۆی دەکاتە چالاکی بەرهەمداری وەک کاڵایەک، لێرەدا تاک هەست بە زیان دەکات لەم کردەیەدا و بەڵام ناچارە لەم ڕەوشەدا بمێنێتەوە (Ritzer&Jeffrey,2018:95)بەستنەوەی پێگەی تاک بە سەرمایەی مادی، بەخشینی ڕێزوشکۆ پێیانەوە، یاخود لەسەر بنەمایەکی مادی پەیوەندی سێکسی لە نیوان هاوسەراندا دروست دەبێت.

### ٢ - هزری ڕۆڵخوازی:

دۆرکهایم باسی ڕۆڵی ئەندامانی خێزان دەکات، کە تیایدا ئەرکەکان دابەشکراوە، یەکێک پارێزگار دەکات و ئەوی دیکە دڵنەوایی دەکات، لەم بارەدا ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان بە بەراورد بە کاریگەری مۆراڵی کە بەرهەمی دەهێنێت، بێ بەهایە و ئەرکی ڕاستەقینە بریتییە لە خولقاندنی هەستی هاریکاری لەنێوان دوکەس یاخود زیاتردا، بە ئامانجی پەیوەستبون و ڕەنگدانەوەیان بێت لەسەر یەکتر،(دۆرکهایم،31:2020)

## ٣ - هزری بەهاخوازی:

بلاو (Peter M. Blau,1918-2002)بە کارلێکی خۆبەخشـــانە ناوی دەبات، بە جۆرێک کە تاک کردەیەک ئەنجامدەدات، بەهۆی زاڵبونی بەها مرۆییەکان و خۆ دورخســـتنەوە لە ســـەرزەنشـــتکردنی ویژدانی، و بەدەســـتهێنانی ڕێزی کۆمەڵایەتی.(زایتلن،148:1989) لێرەدا تاک لە پەیوەندییەکدا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕێزی کۆمەڵایەتی لەدەســـتنەدات، ئەمەش جۆرێک لە نامۆبون دێنێتە کایەوە کە ژیانێکی کات بەڕێکردن و ڕۆتینی لەخێزاندا دروست دەکات و بۆ ئەوەی بێباک بەرامبەر هاوسەر ومنداڵەکانی دەرنەکەوێت.

## ٤ - هزری مۆدێلخوازی:

**باندورا** تیشــک دەخاتە ســەرئەوەی کاتێک کردەی تێبینیکراو لای تاک دەبێتە مۆدێل و دوبارە دەکاتەوە، بەپێی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان پەســـەند بێت و چاوەڕێی پاداشـــت دەکات، بە مودێل بونی کردەی کۆمەڵایەتیش بە ســـێ هەنگاودا دەروات، ئەوانیش: تێبینیکردن، دوبارەکردنەوە ودواتر لەلای تاک دەبێتە مۆدێلیک و ئەم پڕوســـەیە بەردەوام دەبێت لە ژیانی تاکدا، جۆرەکانی کردەی تێبینکراو لای باندورا جێی بایەخە مۆدێلی هێمادار، وەک کارەکتەرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و فیلم و کتێبەکان،(Nabavi,2012:7-9) وەک ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت کە هاوسەرەکان چاوەڕوانیەکانیان بۆ یەکتر هەندێک کات لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد دەنێن.

## ٥ - هزری چێژخوازی:

لە تیۆری یاری (نظرية المباريات Game Theory) لە لایەن فون نیومان و مورجنســترن وەرگیراوە، کە بە کردەیەکی ئەقڵانییە، کە دوکەس یان زیاتر، لە دۆخی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا و لە هەلومەرجی ململانێی بەرژەوەندییەکانیاندا بن، چێژی لێوەربگرن، (جیدنز،2000: 196) دەتوانین بەو نمونەیە باســی بکەین وەک چۆن منداڵێک کاتێک یاری دەکات چێژی لێوەردەگرێت، بەهەمان شێوە لەنێوان تاکەکانیشدا هەندێک کارلێک و پەیوەندی کە بونیاد دەنرێت، بنەماکەی وەرگرتنی چێژە، جا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بێت یاخود کورت خایەن، ئەمانەش ئەو هاوسەرگیرییانە دەگرێتەوە لەسەر بنەمای چێژ بونیادنراوە.

### ٦ - هزری پاداشتخوازی:

بڵاو باس لە دو جۆر پاداشت دەکات، ئەوانیش پاداشتی کردەیی یاخود جەوهەری، وەک خۆشەویستی و سەرسامبون، قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتییە، پاداشتی ڕوکەشی و مادی، (زایتلن،146:1989) بە دەستنەهێنانی هەریەک لەم پاداشتانە ڕەوشی نامۆبون لە خێزاندا دێنێتە کایەوە.

## سێیەم: جێبەجێکردنی تیۆرەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا:

هەر خێزانێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە بۆ چۆنیەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کردەیی نێوان ئەندامەکانی، کاتێکیش تاک دەیەوێت ژیانی خێزانی پێک بهێنێت ڕوبەڕوی دو جۆر لە هەڵبژاردن دەبێتەوە، یان ئەوەیی ئەندامانی خێزان هاوسەری بۆ دەستنیشان دەکەن، یاخود خۆیی کەسێک هەڵدەبژێرێت، لێرەدا مەبەست لە بونیادی خێزانە کە چۆن دواتر ڕەنگدانەوەیی لەسەر کۆیی پەیوەندییە خێزانییەکان دەبێت، هەروەها بنەمایی دەستیشانکردنی هاوسەر ئایا لەسەر بنەمای( پاشخانی کۆمەڵایەتی، مادی، جوانی ڕوکەش، ئایینی، هاوئاستی و بنەمای بەها باڵاکان) چونکە هەریەکە لەم بنەمایانەش دەکرێت لە داهاتودا ببنە یەکێک لە هۆکارەکانی نامۆبون لە خێزاندا، دوایی چونە ژیانی پێکەوەیی بە جێنەگەیاندنی ئەرکە خێزانیەکان، ڕانەگرتنی هاوسەنگی لە پاراستنی سنوری هەردو خێزانی هاوسەرەکە، لە بەرچاونەگرتنی هەلومەرج و بارودۆخەکان و نەزانینی تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکان، بۆنمونە ژن لە کاتی دوگیانی بە کۆمەڵێک بارودۆخی تایبەتی جەستەیی، دەرونی و کۆمەڵایەتی تێدەپەڕێت، کە پێویستی بە هاوکاری و تێگەیشتن هەیە، هەمو خێزانێک ڕوبەڕوی ڕوداو هەلومەجی سەختی خێزانی وەک کارەسات و لەدەستدانی ئەندامانی خێزان دەبنەوە، ئەمانەش کاریگەری لەسەر ئەندامانی خێزان و بونیادی خێزان بەجێدەهێڵێت. لە لایەکی دیکەوە لە کارلێکی ڕۆژانەی ئەندامانی خێزان لە ڕوی ڕێک نەکەوتنی خێزان لەسەریەک جۆر لە پەروەردەیی منداڵ و لە ئێستادا بونی پەروەردەیی سێیەم لەلایەن کەسوکارییانەو، هەروەها ئەندامانی خێزان ڕۆژانە و بەردەوام ئامێرە زیرەکەکان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یارییە ئەلکترۆنییەکان و تەنانەت گەڕانە زانستییەکان بەکاردەهێنن، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کاریگەری لەسەر چۆنیەتی کارلێکی ڕۆژانە و پەیوەندی ئەندامانی خێزان دروستکردوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی کاریگەر هۆکار گەلێکن بۆ چەکەرەکردنی نامۆبون لە خێزاندا. تاکەکان جگە لە ئەندامبونیان لە خێزان لە چەند گروپی دیکەی خۆیستی وەک هاوڕێیەتی و هاوپیشەیی لە شوێنی کار و گروپی خۆنەویستی وەک خێزانی لێکدراو و خزمایەتی ئەندامن، کە تاک لە ناویاندا چەندین ڕۆڵ دەبینێت، کە بەهەمان شێوە کاریگەرییان لەسەر کات، توانا، سۆزی ئەندامانی خێزان دروستدەکات، نەبونی سنور بۆ ئەم پەیوەندییانە ڕوبەڕوی ناکۆکییان و ململانێیان دەکاتەوە.

هەندێک کات ژینگەی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەیی خێزان، دەبێتە هۆیی ئەوەیی تاک هەڵبژاردن و بڕیارەکانی خۆیی بەراورد دەکات، بەوەیی لەســـەر چ بنەمایەک خێزانی پێکهێناوە، ئەوە کەســـی گونجاوە بۆ ژیانی خێزانی من، ئەو ژینگە کۆمەلایەتییە هەندێک کات ژینگەیی واقعییە وەک ئەندامانی خێزانی هەردو هاوسـەر، خزمەکان، دراوســـێ و هاوڕێ، هەندێک کات ژینگەیی ناواقعی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمانەش هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا.

## چوارەم: ئەنجامگیری:

١ – بەپێی تیۆری بونیادی وەزیفی، بنەمای هەڵبژاردنی هاوســـەر وەک یەکەم هەنگاوی پێکهێنانی خێزان، یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبونی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا.

٢ – جێبەجێنەکردنی ئەرک و بەرپرســـیاریەتییەکان خێزانییەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی ســـەرهەڵدانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی پشتگێخستنی خێزان.

٣ – نەپاراســـتنی ســـنوری خێزان وەک ســـیســـتمێکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەند هۆکارە بۆ لاوازی بەرامبەر دەستێوەردانی دەرەکی و بەرگەنەگرتنی ڕوداوەکان.

٤ – گرنگی نەدان بە چۆنیەتی هەڵســـوکەوتکردن بەرامبەر ویســـــت و کردەکـانی ئەنـدامـانی خێزان ڕێگەخۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی نامۆبون.

٥ – پرۆسـەیی پێگەیاندنی دایک و باوک خۆیان ڕەنگدانەوەیی لەسـەر هەمان پرۆسـە لەسـەر منداڵەکانیان دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆیی سەرهەڵدانی ململانێی نەوەکان.

٦ – تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی تاک بۆ خودی خۆیی لە خێزاندا کاریگەری لەسەر کارلێکی ئەندامانی خێزان دەبێت.

٧ – چۆنییەتی جوڵە و تەنانەت شـــێوازی تەماشـــاکردن ئەندامانی خێزان بۆ یەکتر کاریگەرییان لەســـەر بەجێدەهێڵێت.

٨ – بەهۆکاری ئەندامبونی تاک لە ژینگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، پێگەی جیاواز وەردەگرن، ئەمەش ڕەنگدانەوەیی لەســەر ڕۆڵە خێزانییەکانیان دەبێت و ململانێی ڕۆڵەکان دێتە کایەوە، بەهەمان شـێوە یەکێکە لە هۆکارەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا.

٩ – هەریەکە لە ئەندامانی خێزان لەســـەر بنەمای جۆرێک لە کردەی مەبەســـتدار چاوەڕوانی زۆرترین ســودە لە پرۆســەی ئاڵوگۆڕی کردەدا، بەرکەوتنی کردەی کۆمەڵایەتی و چاوەڕوانیەکان ڕەوشــی نامۆبون دێنێتە کایەوە.

١٠ – دەتوانین بڵێین لە دونیای ئەمڕۆدا بەهۆی زۆری و ئاسانی ڕەنگدانەوەی گۆڕاوەکان لەسەر بونیادی پەیوەندییە خێزانییەکان، ئەندامانی خێزان بە پێی ڕۆڵ، ڕادەی کارلێک، توندی ململانێ وئەو هەڵبژاردنانەی کە ڕۆژانە بڕیاری لەسەر دەدەن، ڕوبەڕوی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا دەبنەوە.

# Theories of Social Alienation Analysis in the Family

# Sociological study

## Acquired scrutiny of a Master research

Parwin Abubakrd Mohammed[1] - Bokan Tofiq Raza[2]

[1+2]Sociological department, College of Humanities, University of Sulaymaniyah, Kurdistan Region- Iraq

## Abstract:

Family, as a small effective system for the establishment of the entire society always leaves heated questions to scholars and social workers. Throughout the research, the issues of parental alienation have been apparently highlighted. The reasons for the foremost problems are numerous incompatibilities among the couples and the raise of many divorces. Family, as a small corporation contains several other correlations like the relation between the husband and the wife, as the formation of all the other family relations. Besides, the interactive relations of the family members then the compound families are seen. Furthermore, the new mode of the formation family relations, in the terms professions, positions, age, and literacy rate change, according to the present time of the society, culture, tradition, religion and different extents.The existence and non-existence of the modern world’s reality, family relations take many questions and issues, when this reality has apparently expressed, that the initiation, formation, role and duties are constantly changing. Furthermore, in the standard of living, the family members face challenges, alternatives and determination which all leave their influence the variety of family relations. In one way or another, the influences are seen as the catalyst of the emergence of social alienation among the families.

**Keywords:**Theory Alienation, Social Alienation, Family.

## سەرچاوەکان

باخەوان، عادل (2007)، تیرۆریسم وەک بیناکردنی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

بۆدۆن، ریمۆن وبۆریکۆر فرانســـوا (2019)، فەرهەنگی ڕەخنەیی کۆمەڵناســـی، وەرگێڕانی: مســـتەفا غەفور، چاپی یەکەم، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران.

بۆکانی، سابیر (2006)، لەنێوان هەست و نەستدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

خلیل، معن (2009)، ڕەخنەی هزری کۆمەلایەتی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: شـــەهلا وەلی جەبار، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

خەلیل، مەعن (2007)، کۆمەڵناسی خێزان، وەرگێڕانی: ئارام ئەمین جەلال، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

خەلیل، هیوا مەجید (2019)، مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن، چاپی یەکەم، هەولێر.

دۆرکهایم، ئیمیل (2020)، دابەشـــکردنی کار لە کۆمەڵگەدا، وەرگێڕانی: بیلال ئیســـماعیل حەمە، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران.

ڕۆسۆ، جان جاک (2005)، پەیمانی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی: محمد سابر، چاپی یەکەم، سلێمانی.

زێباری، تاهیر حەسۆ (2017)، تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، چاپی دوەم.

شارۆن، جۆیل (2009)، دەپرسیاری کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: هێمن شەریف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی.

شـــوانی، محەمەد (2017)، بنچینەکانی ئەنثرۆپۆلۆژیای گشـــتی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناســـان و دەروونناسانی کوردستان.

عبدالله، محمد بن محمود (2014)، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی: ئارام ئەمین شـــوانی، لەبڵاوکراوەکانی خانەی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

عبدالله، ئاسۆ ئیبراهیم و هێمن باقر عەبدول (2019)، جەستە لەروانگەی قوتابخانەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیاوە، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە(59) کانونی دوەمی 2019 B زانکۆی سلێمانی.

عەزیز، حەمید (2009)، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەلایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک

الغزوي و ئەوانی دیکە (2018)، دەروازەکانی کۆمەڵناســـی، وەرگێڕانی: توانا فریدون، چاپی یەکەم، پرۆژەی کتێبخانەی مێخەک، چاپخانەی تاران

قانع، مەریوان وریا (2012)، لە چ ئێستایەکدا ئەژین؟، چاپی یەکەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

القصیر، مليحة عوني و صبیح عبدالمنعم (2002)، سۆسیۆلۆژیای خێزان، وەرگێڕانی: صابر بکر بۆکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2015)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

کریب، ئیان (2008)، تیۆری کۆمەڵایەتی لە پارسۆنزەوە تا هابرماس، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕون.

کۆهین، بروس (2014 )، بنەماکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: چەکۆ ئەحمەدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

موحسنی، دکتۆر مەنوچێهر (2002)، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی دیکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

هەمەوەند، حەیدەر (2020)، فەرهەنگی کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا

یۆنگ، کارڵ گۆستاف (2019)، مرۆڤ و هێماکانی، وەرگێڕانی: ڕوقیە سەییدی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تهران.

ئەلحەسەن، ئیحسان محمەد (2012)، ئینسایکۆپیدیای کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ئەلحەسەن، ئیحسان محمەد (2012)، ئینسایکۆپیدیای کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

اجيد، صفاء سعيد (2020)، التوافق الزوجي لدى عينةمن الازواج و علاقته بأعراض الاضطرابات النفسية عند أبنائهم من طلبة المرحلة الثانوية في محافظة الخليل، رالة الماجستير غير منشورة، كلية الدراسات العليا، جامعة الخليل، فلسطينأونسة، أونسة (2014)، التربية الأسرية (تحديات الواقع المعاصر و الرؤية المستقبلية)، الطبعة الأولى، بغداد، دار نيبورللطباعة و النشر و التوزيع.

لبشتي، بهية القمودي عبدالله (2017)، النظرية الاجتماعية في دراسة الاسرة (دراسة تحليلية)، مجلة كلية الاداب، جامعة الزاوية، العدد الرابع و العشرون الجزء الثاني ديسمبر.

بوتومور، توم (2004)، مدرسة الفرانكفورت، ترجمة: سعد هجرس، الطبعة الثانية، دار أويا للطباعة والنشرو التوزيع و التنمية الثقافية، طرابلس.

تيماشيف، نيقولا (1983)، نظرية علم الاجتماع طبيعتها و تطورها، ترجمة: الدكتور محمود عودة و أخرون، الطبعة الثامنة، دار المعارف، القاهرة

الجماعي، صلاح الدين أحمد (2009)، الاغتراب النفسي الاجتماعي و علاقته بالتوافق النفسي و الاجتماعي، رسالة الماجستير منشورة، الطبعة الأولى، دار زهران للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.

جونز، فيليب (2010)، النظريات الاجتماعية و الممارسة البحثية، ترجمة: د. محمد ياسر الخواجة، الطبعة الأولى، مصر العربية للنشر و التوزيع، القاهرة.

حماد، د. حسن (2005)، الإنسان المغترب عند إريك فروم، مكتبة دار المعلمة، القاهرة

الحوراني، محمد عبدالكريم (2007)، النظرية المعاصرة في علم الاجتماع، الطبعة الاولى، دار المجدلاوي للنشر و التوزيع، الأردن.

دوركايم، اميل (1988)، قواعد المنهج في علم الاجتماع، ترجمة: محمود قاسم و السيد محمد بدوي، دار المعرفة الجامعة، اسكندرية.

زايتلن، إرفنج (1989)، النظرية المعاصرة في علم الاجتماع، ترجمة: محمود عودة و ابراهيم عثمان، منشورات ذات السلاسل، كويت.

زايد، أحمد (1983)، علم الإجتماع النظريات الكلاسيكية و النقدية، الطبعة الثانية، بليفيلد- المانيا الغربية.

السعايدة، د. ناجي منور (2018)، الاغتراب النفسي لدى المعاقين بصريا في الأردن في ضوء بعض المتغيرات، مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية و النفسية، جامعة البلقاء التطبيقية، vol 26.no 6,2018 .

سليم، شاكر مصطفى (1981)، قاموس الأنثروبولوجيا، الطبعة الأولى.

شقير، زينب محمود (2005)، مقياس قلق المستقبل، مكتبة النهضة المصرية.

العسال، رنا محمد مصطفى (2009)، الاغتراب الوظيفي لدى معلمي المدارس الثانوية العامة في الأردن من وجهة نظرهم وعلاقته بأدائهم الوظيفي من وجهة نظر مديري مدارسهم، الأطروحة غير منشورة، كلية الدراسات التربوية و النفسية العليا، جامعة عمان العربية.

علي و الأخرون، القدري الشيخ، سوسن جورج سمور، ماري زايه حداد (2008)، علم الاجتماع الطبي، مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، عمان- الأردن

فيبر، ماكس (2011)، مفاهيم أساسية في علم الاجتماع/ ماكس فيبر، ترجمة صلاح هلال، الطبعة الأولى، المركز الثقافي الألمانى، القاهرة.

كابان فيليب، دورتيه جان فرانسوا (2010)، علم الاجتماع من النظريات الكبرى إلى الشؤون اليومية، الطبعة الأولى، دار الفرقد للطباعة و النشر والتوزيع، سورية.

كفافي، علاءالدين (2009)، علم النفس الأسري، الطبعة الأولى، دار الفكر ناشرون و موزعون، عمان.

الليل، أفنان بنت أسامة جمل و هديل عبدالله أكرم(2022)، الاغتراب الأسري الذي تحدثه وسائل التواصل الاجتماعي لدى المراهقين من وجهة نظر الوالدين بمدينة مكة: دراسة ميدانية، مجلة العلوم التربوية و النفسية، جامعة الملك عبد العزيز، جدة، المملكة العربية السعودية، المجلد(6)، العدد (23)، 30 مايو.

مارشال (2000)، موسوعة علم الاجتماع المجلد الاول، ترجمة: محمد الجوهرى و أخرون، الطبعة الأولي.

مارك، ادوارد ويستر (2001)، موسوعة تأريخ الزواج، ترجمة: د. مصباح الصمد و أخرون، الطبعة الأولى، بيروت.

Nabavi, Razieh Tadayon (2012), Bandura ‘s Social Learning Theory & Social Congnitive Learning Theory, University of Science and Culture

Ritzer, George and Stepnisky, Jeffrey (2018), Sociological Theory, Tenth Edition, SAGE Publications, Los Angeles.

McNair, R.L (2004), Student Self- esteem and The Looking-glass self:Perception of emotional support, role models, and academic success on a community college campus, Lowa State University

Merton, Robert k (1938), Social structure And Anomie, American Sociological Review, Vol. 3, Issue 5, PP 672- 682. Retrieved April 7th, 2014.

Spencer ,Talcott (1991), The Study Of In Sociology, New York, Appleton.